# تورکیا لەنێو ئەگەرەکانی گۆڕانی ئایدیۆلۆژیدا

## سەلام عومەر

هەر لەو کاتەوەی کەمالیزم لەتوریکا وەك ئایدیۆلۆژیاییەك ناسراو سیاسەتێکی توندڕەوی خۆپەرستی بەسەر نەتەوەکانی تورکیا داسەپاند، دەستورێك لەم وڵاتەدا نوسرایەوە کە تەواوی ئازادیەکانی بۆ تاکی تورك بەرهەم هێناو لەبەرامبەریشدا کۆتێکی توندی خستە سەر نەتەوەو دینەکانو لەوێوە بەربەستێکی گەورەی لەبەردەم پێکەوە ژیانو یەکتر خوێندنەوە دروست کرد کە جێگەی گومانی زۆرینەی دیموکراتی خوازەکانی ناوخۆو تەواوی جیهانی دەوروبەربوو،ئەمە بووە هۆی دابڕان لەنێو تورکیای سەربازیو ئەو وڵاتە پێشکەوتوانەی مەبەستیان بوو وڵاتێکی توندڕەو شەڕانی لەسنوورەکانی ئەوروپادا دروست نەبێت، هەر لەوکاتەوەی کودەتای سەربازی دەسەڵاتی سیاسی ئەم وڵاتەی بەلاکەی دیدا خست، ئازادی نەتەوەو دینەکان لەم وڵاتەدا بووە قوربانیو رێگە بەهیچ زمانێك نەدرا جگە لەزمانی تورك قسەی پێبکرێ، بزووتنەوە جیاخوازو دیموکراتیەکان ئەوانەی داوای ئازادی رادەربڕینیان دەکرد، سیاسەتی توندڕەویو هێزەکانی سوپا گەمارۆیان دەدانو سەرکوتیان دەکرد، جگە لەخۆیان کەسی دیان نەدەدیو کوردیش لەنێو ئەم گەمانەدا کە سوتەمەنی یەکەمی ئەم دەستورو سیاسەتەی تورکیا بوو ناچارکرا رێگەی یاخی بوونو چیا هەڵبژێرێ، دەست بکات بەخەباتی سیاسی سەربازیو رێکخراوەیی، لەولاشەوە سوپا هەر هەموو قورسایی خۆی بۆ کپ کردنەوەی ئەم یاخی بوونە تەرخان کردو لەهەڵبژاردنەکانیشدا هەمیشە گەمەیەکی دەکرد، تا هاووڵاتیانی کوردی کە ژمارەیان لە 30 ملیۆن زیاترە، نەچنە نێو ئەم گەمەیەی کە بەزەرەری هەڵبژاردن تەواو دەبێت یان زیان بە سیاسەتو دەستووری ئەو وڵاتە دەگەیەنێ.

سەرکردەکانی پارتی گەلی کۆماری لەتورکیا هەمیشە ئاراستەی سیاسیان خواستویەتی جگە لەهاووڵاتیانی تورك کە سیدی نەیەتە نێو هاوکێشە سیاسییەکانیانو دەسەڵات تەنهاو تەنها دەبێت لەژێر کۆنترۆڵی خۆیان دابێت، بۆیە هەمیشە لەهەڵبژاردنەکاندا پرۆژەیەکیان بەرهەم هێناوە دژ بە خواستەکانی دووەمین لەگەورەترین نەتەوەی تورکیا ئەوانیش کوردن، لەپاڵیشدا پارتی عەدالەتو گەشەپێدان کە عەبدوڵلا گولۆ سەرۆکەکەیەتی، لەدوا هەڵبژاردنیدا پێکهاتەکانی هەڵبژاردنو زەمینە سازی بۆ ئەم وەرچەرخانە گۆڕیو توانی سۆزی کوردەکان بەلای خۆیدا راکێشێو فشارێکی توند بخاتە سەر پارتی گەلو بەتەنێ زۆرینەی کورسییەکان بەدەست بهێنێ، کوردەکانیش هاوزەمان لەهەمان هەڵبژاردندا دەیان کورسیان لەپەرلەمان وەرگرت، ئەم وەرچەرخانە دیاردەیەکی نامۆ و چاوەڕوان نەکراو نەبوو، ئەگەر خوێندنەوەیەك بۆ سەردانەکەی عەبدوڵلا گول بکەین بۆ ناوچە کوردنشینەکان دەکرێ لەنێو پێشوازییەکاندا ئەو دیاردە بەدیکەین کە لەوەتەی کورد هەیە لەهەر چوار پارچەی کوردستان، هەمیشە بەدووی ئەو روناکیانەوەیە کە داخوازیەکانی خۆیانی تێدا بەدی دەکەن، ئەوان واتە کوردەکان دەیانەوێ لەهەر رێگەیەکەوە بێت، ئازادیە گشتییەکان بەدەست بهێننو سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتانەی بەربەستن لەبەردەم ئازادییەکانیان، بگۆڕن بۆ سیستەمێکی دیموکراتی ئەوتۆ هەموو نەتەوەکان تیایدا سودمەندبن.

ئەوەتا سیزەرو دەنیز بایکالی سەرکردەکانی پارتی گەلی تورکیا هەمیشە لەسیاسەتی پارتەکانیاندا دژایەتی تەواوی گەلی کوردیان دەکردو نەیان توانی یەك هەنگاو بەرەو بەدیموکراتیزەکردنی تورکیا بچنە پێش، بۆیەش لەهەڵبژاردنەکاندا هەرگیز کورد دەنگی پێنەدەدان، بەڵام هەنگاوەکانی عەبدوڵلا گول لەپێشو پاشی هەڵبژاردنیش، گۆڕانکاری بوون، ئاوڕبوو لەگرنگترین دۆسیە کە دەبوو زۆر زووتر هەڵدرابوایەوە بۆیە لەم دیدگایەوە ئەگەر بەڕاستی عەبدوڵلا گولی سەرۆکی توریکا بیەوێ ئەم پرسە گرنگە بوروژێنێ بەئاراستەی چاکسازی دەستورو سیاسەتی تورکیای ببا، ئەوە جێگەی گومان نابێ کە باشترین دەرفەت بۆ تورکیا دێتە پێش بۆ وەرگرتنی لەیەکێتی ئەوروپاو بۆ کوردەکانیش تەنها خەباتی سیاسیان لەبەردەمدا دەمێنێتەوە تا مافە سروشتییەکانیان لە هەڵبژارندێکی دیدا وەدەست بهێننن ، خۆ ئەگەر ئەم هەڵوێستەی گولیش تەنها بۆ رازیکردنی بەڵێنو رای گشتیو نێودەوڵەتی بێتو وێنەیەك بێت تەنها بۆ سەیرکردنو نەچێتە بواری پراکتیکزەکردنەوە ئەوە بارودۆخ لەنێو خودی پارتەکەیو تورکیاش بەرەو ئاقارێك دەڕوا زۆر جیاوازترلەوەی ئێستاو ئەوەش کە گول نەخشەی بۆ کێشاوە, چونکە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو پێکهاتە نەتەوەییەکانی تورکیاش پێیان وایە ئازادە سیاسیو کەلتوورییەکانی تورکیا چیدی بەرگەی ئەو کۆتە ناگرن کە ئایدۆلۆژیای کەمالیستی بەسەر تورکیایدا سەپاندووە بۆیە ئەگەری گۆران لەسیاسەتو ئایدیۆلۆژیادا تورکیا لە دەسەڵاتی سوپاوە دەگوازرێتەوە بۆ دەسەڵاتێکی دیموکراتی.